# ئەركی ئێمە لەدوای بڕیاری دادگاوە دەست پێدەكات.

## عومەرمحەمەد

**بەبڕوای من حكومەتی هەرێم و حزبە كوردیەكان واز لەم قسە عەنتیكانە بێنن و بەبۆنەی دەرچوونی ئەو بڕیارەوە لەموچەی بەرزی بەرپرسە حزبیو حكومیەبالاَكان هەڵگرن و بیخەنەسەر موچەی نزمی كەسوكاری قوربانیەكان گەلێك باشترە، ئەمە بۆخۆیان سەربەرزی تروجوانترە.**

لەدوای ڕاپەرینی ئازاری ساڵی (1991)وە كەسوكاری قوربانیانی تاوانی جینۆسایدو خەڵكی ئازادیخوازی كوردستان، لەحاڵەتێكی سایكۆلۆژی قورس و دڵەراوكێیەكی گەورەدا دەژین، كەدەیانبینی دادگایەك نیە لەمافی ئینسانبوونیان بپرسێتەوە، هەتا ئێستاش لەواقعێكی هێندە تاڵو دژواردا هەناسە دەدەن، هیچ شایستە بەمرۆڤ نیە،  بێمتمانەیی تاسەر مۆخ وەرسی كردوون و ڕۆژبەرۆژ لەئایندەی خۆیان نائومێددەبن، بەتایبەتی كەكەسوكاری قوربانیانی ئەنفالو كیمیاباران، بەتەنیشت مەرگەوە دەژین و تاوانبارانش لەو پەری غروری خۆیاندا لەسایەی لێبوردنە سیاسیەكەی بەرەی كوردستانیدا بەپێش چاویانەوە، بێمنەتانە تەراتێن دەكەن. ئەو تاوانبارو تۆمەتبارانەی نەك هەرلە قوربانیەكان، تەنانەت لەو دادگایەش بێمنەتبوون، كە لەساڵی 2005وە بۆ تاوانەكانی بەعس دامەزراوە.

خۆشبەختانە  ڕۆژی 6/24 / 2007 وەرچەرخانێكی گرنگ خۆی نمایشكرد،  بەتایبەتی پاش ئەوەی دادگا بەتاوانەكانی جینۆساید بڕیاری جیاجیای لەبارەی تاوانبارانەوە دەركردو بڕیاریشیدا دۆسێی ئەنفال بەكراوەیی بمێنێتەوەو تۆمەتبارانی تریش ڕاكێشێتە بەردەمی دادگا.

ئەمە هەناسەیەكە لەژیانی خەڵكی كوردستاندا، لەمێژووی گەلی كورددا یەكەمینجارە تاكی كورد هەست بەوەبكات، ئیتڕحورمەتی ئینسانیەتی بۆ دەگەڕێتەوە، ئیتر لەو ڕاستیەگەیشت ناشێت لەمەودوا جەلادو قوربانی پێكەوە بەناچاری هەڵبكەن، ئومێدی ئەوەشیان بۆگەڕایەوە كە ئەم گرێ دەروونییە گەورەیە لەداهاتوودا دەكرێتەوەو ئیتر دەبێت، جەلاد سزای خۆی وەرگرێ.

ئەوەی كەلێرەدا مەبەستمە لەسەری بووەستم، بەتەنها دادگایكردن و سزادانی جەلاد نیە، كە 20ساڵە بێمنەتن لەتاوانەكانی ئەنفال، چونكە ئەوان ئەمڕۆبێت یان سبەی بەسزای خۆیان دەگەن و بەپێی یاساناوخۆییو نیودەوڵەتیەكان هیچ حەصانەیەك ناتوانێ بیان پارێزێت ، بەڵكو لەوە گرنگتر گەڕانەوەی سەروەریە بۆمرۆڤ، گەڕانەوەی مافی قوربانیە، داننانە بەقوربانی بوونی كورد وەكو نەتەوەیەكی جینۆسایدكراو.. نەك هەرئەوەندە بەڵكو بریارەكە پاڵپشتێكی یاسایی كێشەی كوردە لەكێشەیەكی لۆكاڵی"ناوخۆ"یی یەوە بەرەو كێشەیەكی نێودەوڵەتی، پەردە لادانە لەسەرهەموو ئەو تەمو مژانەی، لەسەر جینۆسایدكردنی كورد هەبوون، بێگومان لەدوای بڕیاری دادگاوە هاوكێشەكان دەگۆڕێن و هەندێكیان تەواو پێچەوانە دەبنەوە، ئەو تۆمەتبارانەی بەبریاری سیاسی دەسوڕانەوە ئیدی دەبێت بچنەوە بەردەمی یاساو چیدی سیاسەتی حزب بەهانایانەوە نایات، چونكە تاوانی جینۆساید دژبە هەرگروپێك ئەنجامبدرێت، جائەو گروپە گەورە بێت یان بچوك، پێویستی بەحەصانەیەكی نێودەوڵەتی هەیە، لەبەر ئەوەی تاوانی جینۆساید تاوانێكی نێونەتەوەییە، ئەمەش لەبەرخاتری چاوی كوردنیە، بەقەد ئەوەی مافێكی یاسایی نێونەتەوەییە، زەمانەتێكە بۆئەوەی جارێكی تر بەرشاڵاوی تاوانە جینۆسایدیەكان نەكەوێتەوە.

بەڵام ئەفسوس..لەدوای دەرچوونی بڕیارەكەوە دیسانەوە كورد جگەلە كاردانەوەیەكی عاتفی هیچی تری لەهەگبەدانەبوو، كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی كەناڵی حزبەكان، وەكو هەموو جارێكی تر بەڕوكەشییەكی زۆرەوە چوونەوە سەرجادەو یەخەی خەڵكە سادەو ساكارە قوربانیدەرەكەیان گرتەوە، ئەو قسە سادەو ساكارانەیان كردەوە بەزەخیرەی خۆیان كە بۆنی شۆڤێنیزمی لێدێت و توندوتیژی بەرهەمدەهێنێتەوە " **لوتبڕین و گوشت لێكردنەوەی تاوانباران و بەبەرد كوشتنیان..هتد**"ئەمە قسەكانی ئێمە بوون لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە!! تەنانەت لەشاشەی تەلەفزیونێكەوە گوێم لێبوو پیاوێك دەیگوت: (ئەوان چیان لەمیللەتی كورد كرد، دەبێت ئێمەش ئاوایان لێبكەینەوە!!) ئەمە چ مەترسییەكە؟! باشە ئەگەر ئەمە قسەی كابرایەكی دابرواوبێت لەمەعریفەو شارەزای مەترسیەكانی جینۆسایدو بەندەكانی

جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ نەبێت، ئەی کەناڵەکەو دەزگای راگەیاندنەکە بۆچی ئاوا بیربکاتەوە ؟! لەکاتێکدا دادگا تاوانەکەی بەجینۆساید ساغکردەوە. واتە بە ترسناکترین تاوان. بریاردان لەو تاوانە بۆگەلی کورد بەقەد دەیان ساڵ خەباتی چەکدارییە، کەئەمە لەدوای دادگای هۆلاَنداوە گەورەترین دەستکەوتە لەمێژووی ئەم میللەتەدا، تەنانەت لەمێژووی عێراقیشدا. بڕیارەکە هێندە مژدە بەخشە دەشێت بە کلیلی چارەسەری کێشەی کورد ناوی بەرین. ئەمە جگەلەوەی  تاوانی جینۆساید " تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی کۆمەڵکوژیو ڕەشەکوژی، کوشتنی بەئەنقەست" کۆتاییان دێت.. کەچی تازە بەتازە کەناڵە ئاسمانیەکانی کورد، وەکو بڵێی نەزانن تاوانی جینۆساید چیەو قەرەبووی تاوانلێکراو کامەیە!! سەریان بەو قسەیەی خۆیان گەرمە " عەلی کیمیاوی بێتەوە بۆهەڵەبجە لەسێدارە بدرێت..!!" ئاخر ئەم شانازیکردنە بەمەرگەوە بەکوێماندەگەیەنێ؟ لەسێدارەدانی تاوانباران لەهەڵەبجە بێت یان لەبالیسان، لەبەغداد بێت یان لەسیوسێنان، چ لەگرنگی بڕیارەکە دەگۆڕێت؟ چ بارێکی قورس لەسەرشانی قوربانیان لادەبات؟ بەبروای من حکومەتی هەرێمو حزبە کوردیەکان واز لەم قسە عەنتیکانە بێنو بەبۆنەی دەرچوونی ئەو بڕیارەوە لەموچەی بەرزی بەرپرسە حزبیو حکومیەباڵاکان هەڵگرنو بیخەنەسەر موچەی نزمی کەسوکاری قوربانیەکان گەلێك باشترە، ئەمە بۆخۆیان سەربەرزی تروجوانترە، هیوادارم دەزگاکانی راگەیاندنیش قسەی داخ لەدڵانە نەکەنەوە بەزەخیرەی خۆیان..لەکاتێکدا ئیتر ئێمە پێویستمان بەلێبوردەییو دڵفراوانی هەیە..ئەو ڕقەی ئەمرۆ لەشاشەی تەلەفزیونەکانەوە قوربانیەکان گوزارشتی لێدەکەن، رقێکە خودی ئەوتاوانبارانە بەرهەمیانهێناوەو لەدرێژەی دەسەڵاتی نەگریسی خۆیاندا تۆوەکەیان بۆئێمە ڕشتووە، ئێمەش لەبری ئەوەی بێین قەڵاچۆی ئەم زمانە شەرانگێزییە بکەین! دەیکەینەوە بە کلتوری خۆمان.

بەراستی شەرمەزارییەکی گەورەیە ئێمە بەهەمان زمانی جەلادو بەهەمان زمانی بەعسیزم قسەبکەین..هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە ئەو تۆوی رقو تورەبوونە ئاوبدەینەوە، کەبەعسیەکان ڕشتوویانە، کورتبینیو دەمارگیریەکی کوشندەیە کە تۆڵە بکەینە ئەڵتەرناتیڤی تاوانە جینۆسایدیەکان. بەڵکو کۆمەڵگەیەکی جینۆسایدکراو، بەرلەهەرشتێك پێویستی بە ئازادیو خۆشەویستیو لێبوردەیی هەیە، چونکە ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆی تاوانەکان ئەوڕقە کوێرانەیەو غیابی ئازادیو خۆشەویستی بوو، کەواتە ئەرکی ئێمە لەدوای بڕیاری دادگاوە دەست پێدەکا.. تاوانباران لەکوێ دەکوژن بیانکوژن.. بەش بەحاڵی خۆم نامەوێت، بەمردوویش بێنەوە بۆکوردستان، من ئەوە بەساویلکەییەکی گەورە دەزانم.. ئیدی ئێمە ئەرکی گەورەترمان لە ئەستۆیە.. دەتوانین ئاورێکی جدی لەبرینەکانمان بدەینەوە، دەتوانین بەبەڵگەی یاساییەوە داوای کۆمەکی نیونەتەوەیی لەجیهان بکەین. وەختی ئەوەهاتووە ئەو پرسیارە جدیە ئاراستە بکەین مادام  ئێمە بەشێکین لەکۆی مرۆڤایەتی؟ بۆچی لەوەختی خۆی بەدەنگمانەوە نەهاتنو رێگەتان بەم تاوانەدا؟ بەڵام بێگومان ئەم پرسیارە بەهەراو غەڵبە غەڵب ناکرێت، بەڵکو بە میتۆدو بە رۆحێکی تەندروستو بەرەفتاری مرۆڤدۆستانەوە. نەك بە کەلتورە تاریكو ڤێزەونەکەی بەعسەوە.